وەزیرانی نەوتی ئێران و عێراق یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بە پتەوکردنی هاریکاری هاوبەشیان واژە کرد

وەزیری نەوتی ئێران و وەزیری نەوتی عێراق، لە بەغدا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکانیان واژە کرد بە ئامۆگاری شارەزایی و بەرەوپێشبردنی هاوکاری هاوبەش، بە شێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکات.

ئەمە دووشەممە ١٤ـی نیسانـی ٢٠٢٥، موحسین پاکنەژاد، وەزیری نەوتی ئێران گەیشتە فڕۆکەخانەی بەغدا بە دیدار لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و تاوتوێی پەرەپێدانی هاوکاریی وزەی نێوان ئێران و عێراق.

حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، وڵاتەکەی پێژەی وەبەرهێنانی غازی ئومێدبەخشی هەیە و کار بە بەدەستهێنانی خێبژێوی لە بەرهەمە نەوتییەکان دەکات.

هێروهها، موحسین پاکنەژاد وەزیری نەوتی ئێران سوپاس و پێزانینی خۆی بە پێشوازی گەرم و سەردانەکەی بە عێراق و پەیوەندییە کولتوریییە قوڵەکانی نێوان هەردوو وڵات دەربڕی و جەختی لە گرنگی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.